# سەرهەڵدانی جەماوەریی ، دەور و ئەرکی هێزە سیاسییەکان

خەلیل غەزەڵی

سەرهەڵدان و ئیعترازی چەندین رۆژەی مەهاباد و تەشەنای بۆ شارەکانی دیکەی رۆژهەلاتی کوردستان، لە زۆر بارەوە جێگەی ڕامان و سەرنجە .

هەستانێک کە بەهۆی بەردەوامی و بەشداریی گشت لایەنەکانی نێوکۆمەڵگە ( لاوان ، ژنان ، خوێندکاران، پیاوان ، کرێکار و زەحمەتکێشان و کاسپکار و بازاڕیەکان) ڕابوونێکی جەماوەری و دەسپێکردنی قۆناخێکی نوێ لە خەباتی گەلەکەمان لەم بەشەی کوردستان بەحیساب دێت . قۆناخی خەباتی جەماوەریی پشتئەستوور بە هێزی جەماوەر خۆی. واتا ئەم جارە ئیعترازێکی مەوردی دەبێتە خۆپیشاندان و هەستانێکی بەردەوام کە حکوومەت تەنیا بە بەکارهێنانی زەخت و زۆری دژی ئینسانی و رژاندنی هەزاران کەس لە بەکرێگیراوان و رەچاوکردنی حکوومەت نیزامیی موتڵەق ،توانیویە پێشی پێبگرێ . گەرچی ئەو گڕ و تینە هێشتا نەکوژاوەتەوە و بێگومان لە هەر دەفەت و ئیکانێکدا پڕ تینتر لە پێش سەرهەڵدەداتەوە. ئەم ئیعتراز و ڕابوونانە ئێستا ئیتر دەبێ وەک سەرهەڵدانێکی مەدەنی و ئیمرۆژی چاوی لێبکرێت و هەڵبسەنگێندرێت .

سەرەتای ئەم ڕابوونە بە ئیعتراز بە کوشتنی لاوێکی مەهابادی بەناوی کەماڵی ئەسفرین ناسراو بە "شووانە" دەستی پێکرد . دەوری شووانە لە رووداوە سیاسییەکانی کوردستان و شاری مەهاباد و، شێوەی وەحشیانەی کوشتنی بەدەست حکوومەتی ئێران و بڵاو بوونەوەی وێنەی تەرمی شڵەژاوی ، هەوێنی ئەم حەرەکەتەی پێک هێنا . و کۆمەڵە هەلومەرج و رووداوێک یارمەتیدەری پێکهاتنی گرسانی ئەو هەوێنە بوون . ئەوەش لە کۆمەڵدا شتێکی ئاساییە و زۆر رووداو و وەرچەرخان و تەنانەت شۆڕش هەن کە هۆکاری سەرهەڵدانیان رووداێکی ئاسایی یا چکۆلە بووە . گەرچی کوشتنی شوانە لە لایەن حکوومەتی ئیسلامییەوە شتێکی نائاسایی نییە و حکوومەتی ئێران ئەوە 26 ساڵە جینایەتی وا و بگرە گەورەتر لەوەش ئەنجام دەدات؛ بەلام هەلومەرجی سیاسیی جیهان ، ناوچە و بەتایبەت باشووری کوردستان ، پارامێتر گەلێکن کە لە خۆشکردن و وەگەرخستنی ئەم ڕابوونەدا دەوریان بووە و بێگومان لە داهاتووشدا دووپات بوونەوەی لە مەهاباد یاهەر شوێنێکی دیکەی کوردستان چاوەروانکراوە . چوونکە ئێستا هەست و بێداریی نەتەوەیی لەو ئاستەدا نییە کە سەرکوت و داگیرکردن و زەبر وزەنگ بەسەریدا زاڵ بێ .

لە هەلومەجێکی ئەوتۆدا(واتا سەرهەڵدانی ئیعتراز و ڕابوونی کۆمەلانی خەڵک) کە پێشبینیکردنی فرە دژوار نییە ، دەبێ دەوری پێشرەوانی خەڵک چی بێ ؟ ئایا غەیری بەشداریکردنی چالاک لە هاوار و رەخنە و ئیعترازی کۆمەلانی خەڵک و رێکخستن و رێنوێنی کردنی جەماوەری ڕاپەڕیو،چاوەروانییەکی دیکە دەکرێت ؟ بێگومان وەلامی ئەو پرسیارە هەمووومان دەیزانین . ئەی باشە ئایا حیزبە سیاسییەکانی رۆژهەلاتی کوردستان کە ئیدیعای پێشرەوایەتی و "رێبەریی" ئەم بەشە لە خەباتی گەلی کورد دەکەن ، لەم ماوەدا ئەرک و وەزیفەی خۆیان بەجێگە هێناوە؟ بەلای ئێمەوە وەلام "نە" یە. چوونکە لەماوەی ڕاپەڕیندا خەڵکی قارەمانی مەهاباد و شارەکانی دیکە، لە بەرانبەر ئاگر و ئاسنی بەکرێگیراوانی حکوومەتدا بەربەرەکانێ یان کرد و هاواری یەکگرتنی هێزەکانیان دەکرد ، بەلام بە داخەوە لەم ماوەدا کە ئیعتراز و بەرخۆدان درێژەی هەبووە ، هیچ هەنگاوێکی جیدی و بەکردەوە لە هیچکام لە هێزەکان نەبینراوە . ئەم هێزانە ئەوەی کە لەم بارەوە بڵاویان کردەوە ، بەداخەوە بە زۆری بانگەشەی حیزبایەتی و کەڵکوەرگرتن لە خەبات و فیداکاریی و خوێنی خەڵک بۆ خۆ زل کردنەوە و بانگەشەی حیزبی بووە. هەر لە حیزبی دیموکراتەوە تا کۆمەڵەکان و یەکێتی شۆرشگێران ، لە تەواوی ئەم ماوەدا وەک دەزگایەکی هەواڵنێری کاریان کردوە. واتا تەنیا بەشووێن ئەوە بوون کە دەنگ و باسی

چالاکی و تێکۆشان و ڕاپەڕینی خەڵک بڵاو کەنەوە . تەنیا جیاوازیان ئەوەبووە کە هەرکامەیان بە ئەدەبیاتی خۆیەوە دەنگوباسەکانی بڵاودەکردوە . گەرچی هێزی واشمان هەیە کاتێک چاو لە ڕاگەیەنەرەکانی دەکەی دەبینی ، ئێستاش ئاگای لە ڕووداوەکانی مەهاباد نییە . بە مەرجێک خۆی بە یەکێک لە هێزە پێشڕەو و سەرەکییەکانی ئەم بەشەی کوردستان دەزانێ !!؟؟

چاوەڕوانی لە هێزە سیاسیەکان لەم کاتانەدا ئەوەیە کە بەرژەوەندیی حیزبایەتی وەلاوە نێن و دڵسۆزانە ئەزموون و توانایییەکانی خۆیان لە ئیختیار خەڵکی ڕاپەریو بنین . گەرچی بوونی بەرەیەکی دێموکراتیک بە بەشداریی هەموو هێزەکان ، یەکێک لە مەرجەکانی جێبەجێ بوونی ئەو چاوەروانییە . بەڵام لە هەلومەرجی ئێستادا، بە نەبوونی دەرەتان بۆ لە مەیداندا بوونی جەماوەر ( بە هۆی بوونی دەسەڵاتێکی مەزهەبیی سەرکوتگەری تۆتالیتێر) و نەبوونی مەیدانی تێکۆشانی ئازادی سیاسی، و دووربوونی هێزە سیاسیەکان لە نیشتمان و جەماوەر، پێکهاتنی بەرە یا لێک نزیک بوونەوە لە نێوان ئەم هێزانەدا چاوەڕوان نەکراوە. چوونکە لەم کاتانەداکە هەڵسەنگاندنی پێگەی جەماوەریی هەرکام لەم هێزانە نامومکینە ، هەر هێزە خۆی بە ڕێبەری"کۆمەڵانی خەڵک" و بزووتنەوەکەی دەزانێ و ئەوانی دیکەی پێ هیچ نییە . بۆیە ئەگەر بەرەیەک پێک بێت نە بۆ ڕێکخستنی خەباتی کۆمەڵانی خەڵک و سەرخستنی داخوازەکانی گەل ، بەڵکوو بۆ پیک گەیشن و دابەشکردنی دەسەڵاتی داهاتوو دەبێ. کە ئەویش هیچ گەرەنتییەکی نییە و هەرکامەیان هەست بە تۆسقالێک هێز و توانا بکات ، سەری ئەویتر یا ئەوانیتر پان دەکاتەوە . کە نموونەی بەرەی کوردستانیی پارتی و یەکێتی و هێزەکانی دیکەی باشووری کوردستان بوو . ئەم هێزانە خوێناوی ترین شەریان کاتێک دەستی پێکرد کە لە یەک" بەرە" دا بوون .

بەڵام ئەوکاتانەی کە جەماوەر لە مەیداندایە ،فاکتۆرەکان بەشێوەیەکی دیکەن . لەم کاتانەدا، ئەگەر تەنانەت هێزی سیاسی خۆشی نەیهەوێت ، جەماوە ناچاری دەکەن (ئەگەر بە ڕواڵەتیش بووە ) مل بە داخوازەکانیان واتا هاودەنگیی و یەکێتیی ماڵی کورد بدەن . دیسانیش نموونەمان هەر یەکێتی و پارتین، کە زەختی جەماوەر و (هەلومەرج) ناچاریکردن دەست لە شەڕی یەکتر هەڵگرن. نموونەیەکی زیندووتر پێک هاتنی "هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کورد" لە ساڵەکانی سەرەتای شۆڕشی ئیران و بزووتنەوەی گەلەکەمان بوو. کە خۆپیشاندانە جەماوریەکان و بە گشتی لەمەیداندا بوونی کۆمەڵانی خەڵک هێزە سیاسییەکانی، سەرەڕای ئەوەی هیچیان چاوی دیتنی ئەویتری نەبوو ، لەو "هەیئەت"ەدا کۆکردەوە . وەک دیتمان هەرکە حکوومەت هێرشی هێنا و بزووتنەوەی جەماوەری کپ کرا ، بە بێ ڕاگەیاندن، ئەو کۆرە ("هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کورد" ) ، کە دەستکەوتێکی خەباتی خەڵک بوو ، تێک چوو . کە دیارە هۆکاری دیکەشی هەبوو کە ئێرە جێگەی باسکردنی نییە.

بەڵام ئەگەر ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بواری پێکهێنانی بەرە خۆش نییە ، خۆ ئیمکانی هاوکاریی کاتی و کردەوەیی لە سەر بەرژەوەندیی کۆمەڵانی خەڵک و کێشەی نەتەوەییمان هەیە. ئەم هاوکاریە بەتایبەت لە کاتی خۆپیشاندان و ئیعترازە جەماوەیەکاندا هەم ئیمکانی پێک هاتنیان هەیە و هەمیش دەبێتە هۆی دڵگەرمیی جەماوەر بۆ سووربوون لەسەر داخواەکانیان .

ئیمکانی پێکهاتنی هەیە ،چوونکە لێرەدا بەرژەوەندیی ڕێکخراوە و گەورە و چکۆلەیی لە گۆڕێدا نییە . خەڵکێک هەستاوە داوایەکی موشەخەس دەکات . هەرکام لە هێزە سیاسیەکانیش بەتەنیا پشتیوانی لەو داخوازە دەکەن . باشە ئایا ئەگەر پێکەوە ئەو پشتیوانییە دەربڕن " کەعبە کەج دەبێت" !! سەیر ئەوەیە لەگەڵ هێزی دەرەکی بە بێ ئەوە چاو لە رابردوو و هەڵوێستیان لە ئاست گەلی کورد و مافەکانیدا بکەن ،پەیتا پەیتا ڕاگەیەندراو ئیمزا دەکەن . بەڵام ئامادە نین پێکەوە لە مەیدانی کردەوەدا بە فریای خێڵکێکی ڕاپەریو بچن و ڕێکیان بخەن و ئیعتراز و داخوازەکانیان شکڵ بدەن .

با بەشێوەی دیار باسی ئەم ڕاپەڕینەی ئێستای شارەکانی کوردستان بکەین . ئایا نەدەکرا هەر لەڕۆژی یەکەمەوە ، هەموو هێزەسیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ( گەورە و چکۆلە) بەیانێکی هاوبەشیان

راگەیاندبای بۆ ڕێنوێنی و ڕێکخستنی جەماوەری ڕاپەڕیو ؟ ئایا نەدەکرا هەموو ئەم هێزانە پێکەوە( بە بێ چاولێکردن لەوەی کێ کەم و کێ زۆری هەیە) داوایان لە ئەندامان و لایەنگرانی خۆیان بکردایە کە بەبێ چاولێکردن لە هەست و تەعەسوبی حیزبایەتی و بێ ناوی ڕێکخراوەیی، چالاکانە بەشداریی ئیعتراز و ڕاپەڕینی خەڵک بن ؟ بێگومان دەکرا .

بەڵام بە داخەوە وەک پێشتریش ئاماژەی پێکرا ، ئێمە شاهیدی هیچکام لەو هەنگاوانە نەبووین . دیارە هۆی سەرەکیی ئەم بایەخ نەدانە لەوەدایە کە هێزە سیاسییەکانی ئێمە ،بەداخەوە هێشتا فیکرەی شێوەکاری کۆنیان بەرنەداوە و و خەباتی جەماوەری و بەتایبەت پلورالیزم و فرە چەشنی لایان بایەخێکی جیدیی نییە . هەر ئەوەشە کە سەرەڕای ئەوەی خۆیان ڕۆژ تا ئێوارە هاواری گۆڕانی دەوران و قۆناخی نوێی خەبات دەکەن ،بەڵام بەکردەوە هێشتا چاوەڕوانن "تەقێک بە تووقێک" بکەوێ و ئەمان بەو هێزە چەکدارەی کەبۆ ڕۆژی وا لە ئوردوگاکاندا فەرسوودەیان کردوون، بگەڕێنەوە و "حکوومەت" بەدەستەوە بگرن . بە بێ ئەوە ئاگایان لەوە بێت کە " مێژوو دووجار دووپات نابێتەوە " و بە قسەی مارکس ئەگەریش جاری دووم دووپات بێتەوە بە شێوەی " کومیدیا و گاڵتەجاڕ" دەبێت !

بە کورتی ئیمرۆکە باوی کۆمەڵگەی تەک دەنگی نەماوە و فرەچەشنی مەرجی یەکەمی پێشکەوتوویی و ئیمرۆژی بوونی هەر کۆمەڵگەیەکە . چوونکە کاتێک باسی دیموکراسی دەکەین بەو مانایەیە کە لەگەڵ دەرەبەگایەتی و تۆتالیتاریزم سنوورمان جیا کردووەتەوە . زۆر ئاساییە لەم سەردەمەدا لە کوردەواریشدا فرە چەشنی لە ئارادا بێت و چین و توێژەکانی کۆمەڵ خاوەنی فیکر و ڕێبار جیاواز بن. بەو پێیەش لە ڕۆژهەڵات کوردستان ناکرێ و نابێ حیزبێکی سیاسی خۆی بە نوێنەری تێکڕای کۆمەڵگەی کوردەواری بزانێ . هەر ئەوەشە کە دەبێ حیزبەکانمان ئەو ڕاستییە ( ئەگەر تاڵیش بێ) قەبووڵ بکەن و بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی کۆمەڵانی خەڵک و بزووتنەوەی ڕزگاری- نیشتمانیی کوردستانیش بووە، هەر لە ئێستاوە هەوڵی خۆ ئامادەکردن بۆ پێک هێنانی بەرەیکی پێک هاتوو لە هەموو ڕەنگ و دەنگەکانی ناو کۆمەڵگە بدەن.

بۆ گەیشتن بەم مەبەستە باشترین ڕێگە هاوکاری و هەنگاوی کاتییە لە کاتی ڕوودانی مەسەلەیەک یا هەستان و ڕاپەرینی خەڵکدا. دەکرێ هەموو هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات پێکەوە کۆمیتەیەک پێکبێنن کە لە کاتی سەرهەڵدان یا ڕووداوێکی گرینگدا، پێکەوە بێنە مەیدان و ، لەجیاتی ئەوەی هەر هێزە و بە تەنێ پشتیوانیی خۆی دەردەبڕێت ، با پێکەوەبێت و لە چوارچێوەی ئەو کۆمیتەیەکدا بێ. پێکهێنانی کۆمیتەیەکی ئەوتۆ پێویستیی بە قووڵ بوونەوە و داڕشتنی ستراتێژی و "سیاسەت" نییە و ڕێککەوتنێکی کاتییە لە سەر مەسەلەیەکی موشەخەس . ئەویش بەهانای ڕاپەرین و ئیعتراز و لێقەومان و هەر حەرەکەتێکی دیکەی جەماوەر چوونە . ئەم هەنگاوە لە کاتێکدا بۆ هیچ هێزێکی سیاسی هیچ تەعەهودێک پێک ناهێنێ و ڕێککەوتنێکی کاتی دەبێ ، لەهەمانکاتدا دەتوانێ هۆکاری نزیکبوونەوە و هاوکاری و سەرەتایەک بێت بۆ شکانی دێوزمەی "سێکتاریزم" بێت. دیارە دەبێ دەوری باش و سازمانگەری کۆمیتەیەکی ئەوتۆ لە خەبات و تێکۆشانی خەڵکیشی پێ زیاد بکرێت . دەورێک کە تائێستا نەبوونی لە هەموو ئیعتراز و سەرهەڵدانەکاندا هەستی پێکراوە.

گەلاوێژی 2005